مەنسوورحیکمەت، حەبیب فەرزاد

# حیزبی کۆمۆنیست لە گرووی جیایە؟

وەرگێرانی: ناسری حیسامی
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین
پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید

# حیزبی کۆمۆنیست لە گرووی جیایە؟

(گەلالەی گشتی)

هاوڕێیان!

خەبات بۆ پێکهینانی عەمەلی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دیاریکردن و ڕەچاوکردنی ئەو هەنگاوە عەمەلییانەی کە دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمە لەنێو ئەو حیزبەدا کۆ بکاتەوە و ئەمڕۆ پێویستی بە ڕەخنەگرتن لە دوو بۆچوونی لادەرانەی سەرەکی بەرانبەر بە پێناسەی حیزبی کۆمۆنیست و بەمپێیە پرۆسەی پێکهاتنی هەیە. دوو بۆچوون کە لە ڕابوردوودا لە گەڵی بەرەو ڕووبووین و لە داهاتووشدا بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر لە بەرانبەر ئێمەدا خۆ دەنوێنن. ئەم دوو بۆچوونە بریتین لە بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی و بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی (ئیرادەگەرایانە). ئەم دوو بۆچوونە سەرەڕای ئەوەی لە فۆرموولبەندییە تیۆریکەکان و لە ئەنجامگیرییە عەمەلییەکاندا جیاوازییان هەیە، لە ئەسڵێکی بنەڕەتیدا هاوبەشن کە ئەویش بریتییە لە میتۆدۆلۆژییەکی غەیرە دیالێکتیکی و میتافیزیکی و وشک کە لە پێناسەکردنی حیزبی کۆمۆنیستدا پشتی پێ دەبەستن.

**1) ئیکۆنۆمیزم و ڤۆلۆنتاریزم لە بەرانبەر حیزبی کۆمۆنیستدا**

بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی کە لە لادانەکەی دیکە زیاتر باوە، ئاوا باسی حیزب دەکا: حیزبی کۆمۆنیست حیزبێکی خاوەن نفووزە لەنێو چینی کرێکاردا. نوێنەری بزووتنەوەی کرێکارییە و بە هۆی ئۆرگانی جۆراوجۆرەوە لە کارخانە و گەڕەک و شوێنە کرێکارییەکان لەگەڵ کۆمەلانی کرێکار پەیوەندی نزیکی هەیە. بە کورتی حیزبی کۆمۆنیست حیزبێکی خاوەن نفووزی بەرینی کرێکارییە. چلۆن دەکرێ حیزبی

کۆمۆنیست پێک بێنی؟ وەڵامی ئەو بۆچوونە بۆ ئەم پرسیارە بە گشتی بەم جۆرەیە: "پەیوەند لەگەڵ چینی کرێکار" پێشمەرجی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستە وە بە ناچاری پرۆسەی عەمەلی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست بریتییە لە پەرەپێدانی پراتیکی تەبلیغی، تەرویجی و ڕێکخستنی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا، تا ئەو جێگایە کە حیزب لە کاتی دامەزرانیدا نوێنەری هەموویان بەشێکی زۆر لە کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری بێ. ئێمە هەر لە ئێستاوە لە قاڵبی ئەو ڕەخنەیەدا کە فیدابییانی خەڵق (ئەقەلییەت) لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستیان گرتووە و هەروەها لە پێچ و پەنای قسەکانی مەسعوودی ڕەجەوی لە نامیلکەی "جمعبندی یەک ساڵە ... "دا، لەگەڵ ئەو بۆچوونە وردەبۆرژواییی بەرەوڕوو بووین. ئەمە کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەو هەڵوێستەیە کە هێز و حیزبە وردەبۆژواییەکان، بە تایبەت ئەو بەشەیان کە بە نێوی مارکسیزمەوە قسە دەکەن، لە داهاتوودا گەلێک جار دەینێنە بەرانبەر ئێمە.

مەبەست و ناوەڕۆکی وشک و میتافیزیکی ئەو بۆچوونە لەوەدایە کە حیزبی کۆمۆنیست وەک دیاردەیەکی زیندوو کە لە گۆڕان و گەشەکردندایە لە بەرچاو ناگرێ، بەڵکوو وەک شتێکی نەگۆڕ چاوی لێ دەکا. وێنەیەک لە حیزبێکی دڵخواز لە هەلومەرجێکی دڵخوازدا بەرچاو دەخا و ئەم وێنەیە بە پێناسەی گشتی و هەمیشەیی حیزبی کۆمۆنیست لە قەڵەم دەدا. وێنەیەک کە بە هیچ شێوەیەک جیهانداگر و هەمیشەیی نییە. بەڵکوو پەیوەندی بە هەلومەرجێکی دیاریکرا و مێژوویی دیاریکراوەوە هەیە. چونکە ڕێک لە ڕووی جێ و شوێنی چەند حیزبی کۆمۆنیستی دیاریکراو لە هەلومەرجی دیاریکراوی مێژووییدا و بە تایبەت لە ڕووی جێ و شوێنی حیزبی بۆڵشەڤیک لە ساڵی 1917دا، دیاری کراوە. وردەبۆژوازی ئەم وێنەیە بەدەستەوە دەگرێ و حوکم دەکا و پێمان دەڵێ: یا دەبێ **حیزبێکی لەم چەشنە** دروست بکەن، یا ئەگەر وا نەکەن، هەرچی دروست بکەن حیزبی کۆمۆنیست نییە". لەم بۆچوونەدا حیزبی کۆمۆنیست بە ناچاری وەک



شتێکی پچراو و لەت لەت بەرچاو دەخرێ. دیاردەیەکە کە جاری وایە حیزبە و جاری وایە حیزب نییە، چونکوو هەموو ئەو هۆیانەی کە ئیکۆنۆمیستەکان لە پێناسەکردنی حیزبی کۆمۆنیستدا لەبەرچاوی دەگرن (نفووز و دەستڕۆیشتوویی و بەرینایی حیزب و "پەیوەند"ی حیزب لەگەڵ جەماوەر) خۆیان دەگۆڕێن و بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر قوناغێکدا، وەک بوون یا نەبوون وە یا بە گشتی پلەی گەشەی خەباتی ئاشکرای چینایەتی لەنێو کۆمەڵدا، بە پێی سەنگ و سووکی هێزی چینەکان، گوشاری ئۆرگانەکانی بۆرژوازی لە سەرکوتکردن و خەرەفاندنی پرۆلیتاریادا، وە بە پێی شتی تری لەم چەشنە، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. بەرینایی و پلەی نفووزی حیزبێکی کۆمۆنیست لە هەلومەرجێکدا کە هەڵسوڕانی تەنیا بە شێوەی نهێنییە، لە هەلومەرجی دامرکانی خەباتی چینایەتی و دەسەڵاتدارەتی تاقانەی کۆنەپەرستیدا لەگەڵ بەرینایی **هەر ئەو حیزبە** لە هەلومەرجی گەشەی شۆڕشگێڕانەدا، لە سەروبەندی ڕاپەڕین و پاش ئەو لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا بە تەواوی **جیاوازن.** بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی بە چاوێکی میتافیزیکی دەڕوانێتە حیزب. چونکە کاتێک لە ڕووی هێندێک شتی گۆڕەکی وەک چەندایەتی و بەرینایییەوە حیزب پێناسە دەکا لە ڕاستیدا جەوهەر و ناوەڕۆکی پایەدار و هەمیشەیی حیزب ڕەت دەکاتەوە. لەم ڕوانگەوە حیزبی کۆمۆنیست خاوەنی ئەو جەوهەر و ناوەڕۆکە پایەدار و ماددییە نییە کە ئیمکانی پێ دەدا لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا شکڵ و بەرینایی ڕواڵەتی جیاواز بە خۆوە بگرێ، پلەی نفووز، توانایی و بەرینایی هەڵسووڕانی لە دەورەی جۆراوجۆردا کەم و زیاد بکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەروا حیزبی کۆمۆنیست بێ و **هەر خاوەنی ئەو جەوهەر و سیما نەگۆڕەی خۆی بێ.** بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی ناتوانێ بۆ نموونە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چ شتێک لە ماوەی 20 ساڵ هەڵسووڕان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر و دەورەی جۆراوجۆردا سیمایەکی یەکانە و وەک یەک بە حیزبی بۆڵشەڤیک دەبەخشێ، لە حاڵێکدا کە ساڵی

1908 حیزبێکە لە ئۆپۆزیسیۆندا، خاوەنی نفووزێکی کەمە لەنێو کرێکاراندا و هەڵسوڕانی تەنیا بە شێوەی نهێنییە. لە فوریەی 1917دا حیزبێکە کە هەڵسووڕانی ئاشکرای بەرینی هەیە، لەگەڵ شووراکان پەیوەندی هەیە و خاوەنی نفووزێکی زۆرە لەنێو کرێکاراندا، وە پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر، حیزبێکە کە دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوەیە، هەزاران دەزگای سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێک دەخا و بەرەو پێشیان دەبا و لە پێشەوەی ملیۆن ملیۆن کرێکار بینای سۆسیالیزم بنیات دەنێ. لەم ماوەیەدا پلەی نفووزی جەماوەری و توانایی حیزب ئۆرگانە هەڵسووڕاوەکانی لە ئاستێکی بەریندا و چەندین جار گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ژمارەی ئەندامانی دەیان و سەدان قات زیاد بووە. لە حیزبێکی بچووکی ئۆپۆزیسیۆنەوە بووەتە ڕابەر و ڕێکخەری خەباتی پرۆلیتاریا بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم. بەڵام هەر حیزبی بۆلشەڤیک بووە و هەر وا ماوەتەوە، ئەگەر بە شێوەی ئیکۆنۆمیستەکان حیزب پێناسە بکەین، ئەو کاتە دەبێ لەسەر ئەو قەناعەتە بین کە حیزبی بۆلشەڤیک نە لە سەرەتای پێکهاتنیدا و نە ساڵی 1908، نە ساڵی 1913 و تەنانەت نە ساڵی 1915، حیزبی کۆمۆنیست نەبووە! چونکە لەم بۆچوونەدا حیزب دیاردەیەکی زیندوو نییە کە بەرینایی دەرەوەی بەپێی هەلومەرج و گەشە و کامڵبوونی حیزب کەم و زیاد بکا. بەڵکوو دیاردەیەکە کە بەپێی هەلومەرج دەمرێ و سەر لە نوێ دەژێتەوە! بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی، حیزب وەک دیاردەیەک دەبینێ کە لە دەورە جۆراوجۆرەکاندا پچرپچر دەبێ و ژیانی لە هیچ دەورەیەکدا پەیوەندی بە دەورەکەی ترەوە نییە. چونکە هەر وەک وتمان تەنیا لە هەلومەرجێکدا حیزب بە ڕەسمییەت دەناسێ، کە ئەو هەلومەرجە خۆی بەردەوام و هەمیشەیی نییە. هەلومەرجێکی دڵخوازی دیاریکراو کە خۆی بە پێی توندوتیژبوونەوەی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی کومەلی سەرمایەداری و گەشەی بزووتنەوە کرێکارییەکان دەگۆڕێ و بەم بۆنەیەوە لە بوارێکی تایبەتدا دەرەخسێ. جگە لەمەش بە



دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین کە هیچ حیزبێکی کۆمۆنیست کە خاوەنی نفووزی بەرینی جەماوەری بێ. ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە ئۆپۆزیسیۆندا بمێنێتەوە: چونکە حیزبێکی کۆمۆنیستی بەهێز و خاوەن نفووز لە جەرگەی هەموو قەیرانێکی ئابووری و سیاسی کۆمەڵی سەرمایەداری، بەپێی پێناسە بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو هەڵدەگرێ. یان ئەوەیە پرۆلیتاریا و حیزبەکەی بە دەسەڵات دەگەن وە یا لە ئاکامی شکانی شۆڕش و بەردەواممانەوەی دەسەڵاتی دژ بە شۆڕشدا هەلومەرجێکی تازە لەنێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵدا پێک دێ و سەنگ و سووکی هێزی ئەو چینانە شێوەیەکی تازە دەگرێتە خو.

بەڵام ئەو میتافیزیسمەی کە بەسەر بۆچوونی ئیکۆنۆمیستیدا زاڵە، شتێکی مەعریفەتی نییە کە لە "تێگەیشتنی تیۆریکی لاواز"ی ئیکۆنۆمیستەکان و پۆپۆلیستەکانەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئەمە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و لۆژیکی وردەبۆرژوازییە کە لە ڕێکخراوی سەربەخۆی پرۆلیتاری دەترسێ و هەوڵ دەدا پێش بە ڕێکخراوبوونی ئەو کۆمۆنیستانەی کە بەپێی بەرنامەکەیان **دەبێ** حیزبی کۆمۆنیست پێک بینن، بگرێ. یەکبوونی هەڵوێستی موجاهید و فیدایی بەرانبەر بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و پێکهاتنی عەمەلی حیزب، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئیکۆنۆمیزم حیزب دەکا بە شتێکی ئەفسانەیی و پێکهاتنی حیزب هەواڵەی هەلومەرجێکی تەواو دڵخواز و ئایدیالیزەکراو دەکا و بەم جۆرە پێکهاتنی حیزب هەواڵەی بە مەحاڵ دەکا، چونکە حیزبی کۆمۆنیست خۆی سەرەکیترین پێشمەرجە بۆ بەرینبوونەوە و پەرەگرتنی نفووزی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان لەنێو کۆمەڵانی چینی کرێکاردا و بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بێتە ژێر ئاڵای ڕابەریی کۆمۆنیستی. ئەو ڕێگایەی کە ئیکۆنۆمیزم بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست دەستنیشانی دەکا، لە ڕاستیدا ڕێگایەکە بۆ **پێکنەهێنانی** حیزب. خۆدزینەوەی ئیکۆنۆمیستەکان لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست لە هەمان کاتدا لە لایەکەوە نیشاندەری

سیکتاریزمی ئەو پۆپۆلیستانەیە کە بە هیچ نرخێک ناتوانن لە "ڕێکخراوەی خۆیان" بە قازانجی حیزبی یەکانەی کۆمۆنیستی "دەست هەڵگرن" وە لە لایەکی ترەوە دیمەنێکە لە متمانە بەخۆنەبوون و ڕاڕایی و لەرزۆکی ئایدۆلۆژیک و کورتبینی و بەرچاوتەنگییەک کە خەسڵەتی دەروونی پۆپۆلیزمە.

بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی و ئیرادەگەرایانەش بۆچوونێکی میتافیزیکی و لادەرانەیە. لەم بۆچوونەدا حیزب لە دوا لێکدانەوەدا یەکانگیربوونی ئەو ڕێکخراوانەیە کە لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستن، **هەر بە هەمان چۆنایەتییەوە کە بوویانە.** ئەوەی لەم نێوەدا کەمڕەنگ دەکرێتەوە و لە بیر دەبرێتەوە، ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی کۆمۆنیست خاوەنی جەوهەرێکی ماددی دیاریکراو و چۆنایەتییەکی تایبەتە کە نەک تەنیا لە لایەنە ڕواڵەتییەکانیدا، بەڵکە هەر لە بنج و بناوانەوە لەو ڕێکخراوانەی ئێستا (وەک کۆمەڵە و ا. م. ک)ی جیا دەکاتەوە و جیاوازی پێ دەبەخشێ. بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی هەست بەم جیاوازییە ناکا و بە لایەوە گرنگ نییە. حیزب وەک چۆنایەتییەکی نوێ و جیاواز چاو لێ ناکا، وە پێی وایە تێکەڵبوون و یەکانگیربوونی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن، لەسەر بنچینەی هەندێک بەڵگە و پەسەندکراوی تازە، بۆ پێکهێنانی حیزب بەسە. ئەمە شێوەیەکی ئیختیارییە. خەسڵەتی میتافیزیکی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە بە شێوەیەکی ئەزموونگەری لە حیزب دەگا و حیزب بەو شتە دادەنێ کە ئێستا هەیە. ئەگەر ئیکۆنۆمیزم هەر لە سەرەتاوە وێنە و کلێشەیەکی نەگۆڕ لە تایبەتییە ڕواڵەتییەکانی حیزب دروست دەکا، ڤۆلۆنتاریزم تایبەتییەکانی ئێستای بزاڤەکەمان قەبووڵ دەکا بە بێ ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگرێ، وە ئەو چۆنایەتییە نوێ و جیاوازەی کە دەبێ بۆ پێکهێنانی حیزب لە ڕیزەکانی خۆماندا پێکی بێنین پەردەپۆش دەکا و بەم جۆرە بەکردەوە وێنەیەکی نەگۆڕ و وشک لە حیزب بەرچاو دەخا. نەناسینی ئەو تایبەتییە بنەڕەتییانەی کە حیزبی کۆمۆنیست لە کۆڕ و ڕێکخراوەکانی ئێستا جیا دەکەنەوە، لە کردەوەدا هیچ مانایەکی



نییە جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی شکست خواردووی کۆنفراسی "وەحدەت" لە ئاستێکی تردا، وە هەر بەم پێیە تەنیا بە مانای خۆدزینەوەیە لە پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیست بە مانا ڕاستەقینەکەی. ڤۆلۆنتاریزم ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە سادەیە بداتەوە کە ئەگەر یەکگرتوویی هێزەکانی بەرنامەی حیزب هەر بەم چۆنایەتییەی ئێستایانەوە دەکرێ پێی بوترێ حیزب، بۆچی هەر کام لەم ڕێکخراوانە، بە تایبەت کۆمەڵە کە پراتیکێکی زۆر بەرینتریشی هەیە، هەر لە ئێستاوە ناکرێ پێی بوترێ حیزبی کۆمۆنیست؟ جیاوازی سەرەکی حیزبێکی کۆمۆنیستی لەگەڵ کۆمەڵەی ئێستا و (ا. م. ک)ی ئێستا لە چیدایە و یەکگرتوویی ئەو هێزانەی کە ئێستا هەن چ چۆنایەتییێکی تازە، بۆ نموونە لەچاو کۆمەڵەی ئێستا، پێک دێنی کە ڕێگا بۆ ئەوە دەکاتەوە ئەو ناوەی لێ بنێین؟ بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی وەڵامێکی ئوسوڵی بەم پرسیارانە ناداتەوە. ئەگەر ئیکۆنۆمیزم پێکهێنانی حیزب هەواڵەی مەحاڵ دەکا، ئەوا بۆچوونی ڤۆلۆنتاریستی دەیەوێ دەسبەجێ حیزب پێک بێنێ، بەڵام شان ناداتە ژێر وەدیهێنانی ئەو پێداویستییە ماددییە دیاریکراوانەی کە بۆ پێکهێنانی حیزبێکی ئاوا پێویستن. وە بەم جۆرە بە کردەوە پێکهێنانی حیزب هەتا ڕادەی گۆڕینی ناوی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن دادەشکێنێ و بەم بۆنەیەوە حیزبێک پێک دێنێ کە خاوەنی هیچ کام لەو تایبەتییانە نییە کە حیزبێکی کۆمۆنیست دەبێ بیبێ. وە داهاتوویەکی نارۆشنی هەیە و لەناو خۆیدا تووشی ناکوکییە. حیزبێک کە ڕەنگە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت بتوانێ ئەو ناوە تازەیە وە خۆ بگرێ.

هەنگاوی یەکەم لە پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پێناسە و وێنەیەکی دروستمان لە تایبەتییە سەرەکییەکانی حیزب بەدەستەوە بێت. پێناسەیەک کە حیزب بەپێی تایبەتییە هەمیشەیی و جەوهەرییەکانی بناسێ. پێناسەیەک کە نە بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ دیاری کرابێ و نە بەپێی هەلومەرجێکی خەیاڵی، بەڵکوو لەسەر

بنچینەی تایبەتییە هەمیشەیی و بنەڕەتییەکانی حیزب دامەزرابێ. **ئێمە دەبێ ئەمڕۆ حیزبێکی کۆمۆنیست پێک بێنین.** بەڵام نەدەتوانین بیهوودە بە تەمای هەلومەرجێک کە مەبەستی ئیکۆنۆمیستەکانە پێکهێنانی حیزب هەواڵەی داهاتوویەکی نادیار بکەین و نەدەتوانین بە بۆنەی ئەوەوە کە مەسەلەکە مەسەلەیەکی دەسبەجێ و دەمودەستە، مل بۆ هەلومەرج و کەموکوڕییەکانی ئەمڕۆ دانەوێنین و لەگەڵیان هەڵکەین و بە شێوەیەکی ڤۆلۆنتاریستی چاوپۆشی لە "حیزببوون" و "کۆمۆنیستبوون"ی ڕێکخراوێک بکەین کە دەبێ پێکی بێنین. کەوایە چ کەردەن؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بەر لە هەمووشتیک پێویستی بەوە هەیە کە حیزبی کۆمۆنیست بە شێوەیەکی ئوسوڵی و زیندوو بناسی و تێی بگەی.

### 2) حیزبی کۆمۆنیست چییە؟

بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەو مەسەلە ئاشکرایە دەستنیشان بکەین کە حیزبی کۆمۆنیست شتێک نییە تازە سەری هەڵدابێ. شتێک نییە کە ئێمە دامان هێنابێ وە یا دۆزبێتمانەوە. کۆمۆنیزم خۆی ڕەوتێکی دیاریکراوە و لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکاری جیهانیدا جێ کەوتووە و جێگای خۆی کردووەتەوە_ وەک باقی ڕەوتەکانی دیکەی نێو ئەم بزووتنەوەیە، وەک تریدیۆنیۆنیزم (ئیتیحادییەگەری)، ئانارکۆسەندیکالیزم، ڕیفۆرمیزم و ئەم جۆرە شتانە. ڕەنگە ئەم وتەیە بە دڵی ئیکۆنۆمیستەکان نەبێ. بەڵام هەر ئەم ئیکۆنۆمیستانە ئامادەن بە ئاسانی و بە بێ ئەوەی بە قەد نووکە دەرزییەک لە دڵیان گران بێ تریدنیونیزم و سەندیکالیزم و تەنانەت ئانارشیزم وەک ڕەوتی نێو بزووتنەوەی کرێکاری ناو لێ بەرن و تەنانەت ئێستاش بەم ڕەوتاتە بڵێن مەیلی "خۆڕسک"ی پرۆلیتاریا. بزووتنەوەی ئیتیحادیەیی کرێکاران بێگومان مەیلێکی خۆڕسکی کرێکاری بۆ یەکگرتووبوون بەرانبەر بە سەرمایەداران و خاوەن کارەکان لە چوارچێوەی نیزامی ئێستادا نیشان دەدا. بەڵام ئەمڕۆ، لە سالی 1983دا وەک



بزووتنەوەیەکی بیلفیعل کە لە مەیدانی کردەوەدایە، بزووتنەوەی ئیتیحادیەیی بزووتنەوەیەکە کە بنەماکان و یاساکانی بە زۆری لە لایەن ڕیفۆرمیزمی بۆرژوایی و ئاریستۆکراسی سەر بەم ڕیفۆرمیزمەوە لە ئەوروپا تیۆریزە کراوە و داڕێژراوە. خاوەنی زۆر کونگرە و کونفراس و ڕێکخراوی جیهانییە کە ئەغڵەب دەسمایەی سیاسین بۆ حیزبە بۆرژواییە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا. بزووتنەوەی ئیتیحادیەیی ئەمڕۆ نەک هەر بە مانای تایبەت خۆڕسک نییە، بەڵکوو تەنانەت زۆر جار بە تایبەت لە ئەوروپا و ئەمریکا بە دانستە لە لایەن بۆرژواییەوە وەک ئاڵتێرناتیڤێک لە بەرانبەر ڕێکخراوی حیزبی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا بە دەستەوە دەگیرێ و پشتیوانی لێ دەکرێ. بەم حاڵەتەوە ئیکۆنۆمیستەکان بێ سێ و دوو پێی دەڵێن: "بزووتنەوەی خۆڕسکی کرێکاران". بەڵام هەر کە باسی کۆمۆنیزم دەکرێ، ئەو بۆچوونە بۆرژواییە دێتە مەیدان کە گوایە کۆمۆنیزم ڕەوتێکی جیا لە چینی کرێکارە و تازە دەبێ لەگەڵ چینی کرێکار "پەیوەند" بدرێ. لە کاتێکدا کە کۆمۆنیزم، یەکەم: هەر لە ئاستی بیر و بۆچوون و مەیلە گشتییەکەیدا، لەگەڵ مەیل و ویستی لە مێژینەوە قووڵی ڕەنجدەران بە درێژایی مێژوو لە مەڕ پێویستی هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا و فەوتانی چەوسانەوی چینایەتی، یەک دەکەوێ و لەگەڵی دێتەوە. دووەم: وە لە هەمان کاتدا وەک بزووتنەوەیەکی موشەخەسی ڕاستەقینە و سیاسی گەلێک جار خۆی ڕاستەوخو کرێکارانی لە ڕیزە ملیۆنییەکانیاندا ڕێکخستووە، گەلێک شۆڕشی کرێکاری ڕابەری کردووە و تەنانەت بۆ ماوەیەک، ئەویش نەک لە تاقە وڵاتێکدا، تامی دەسەڵاتی سیاسی پێ چەشتوون. ئەوە ڕاستە کە سۆسیالیزمی زانستی لەنێو بزووتنەوەی خۆڕسکەوە سەرهەڵنادا، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە کۆمۆنیزم هەتا هەتایە، سەرەڕای ئەوەی چەندەها جار لەگەڵ بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی جیهانی کرێکاران لێک گرێ دراون و پەیوەندییان بە

یەکەوە بووە، ڕەوتێکە لە دەرەوەی بزووتنەوەی چینایەتی کە دەبێ جار لەگەڵ جار لێی گرێ بدرێ و لە نێوانیاندا "پەیوەند" پێک بهێنرێ و لە هەر وڵاتێکدا هەموو ڕۆژێ **سەرلەنوێ** گرێ بدرێتەوە. ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێتیحادییەگەری هێشتا بە ڕادەیەکی زۆر ڕەوتیکی خۆڕسک و تیۆریزەنەکراو و هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر کرچ وکاڵ بوو، وە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی زانستی تازە دەستی پێ کردبوو کە "لە دەرەوەی" بزووتنەوەی کرێکاری بە مانای تایبەتەوە، بە بزووتنەوەی کرێکاری بناسێنرێ، ئەمڕۆ نزیکەی سەدەیەک پراتیکی زیندووی چینایەتی پرۆلیتاریا تایبەتییەکی تازەی بەم ڕەوتە بەخشیوە. ئێتیحادییەگەری زیاتر لە جاران لە حاڵەتی خۆڕسکبوون دوورکەوتووەتەوە و کۆمۆنیزم ئاژین بووەتە قووڵایی بزووتنەوەی کرێکاری و تێیدا جێگیر بووە. ئیکۆنۆمیستەکانی ئێمە لانی کەم سەدەیەک لە مێژوو بەجێ ماون. کۆمۆنیزم ئیتر دیاردەیەکی تازە و تازە سەرهەڵداو بۆ بزووتنەوەی چینایەتی نییە، بەڵکوو ئەمڕۆ ئیتر بووەتە بەشی لە جیایی نەهاتوو وە بووەتە مەیلێکی عەمەلی لە ریزەکانیدا. مانیفێستی کۆمۆنیست، ئینتەرناسیۆنالی یەکەم، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئینتەرناسیۆنالی سێیەم و گەلێک شۆڕشگێڕی کۆمۆنیست لەم دەیان ساڵەدا، ملیۆن ملیۆن کرێکاریان لەژێر ئاڵای کۆمۆنیزم کۆکردووەتەوە. بیری کۆمۆنیزم، بیری هەڵوەشانەوەی مالکییەتی خوسووسی بۆرژوایی، بیری ڕێکخستنی پرۆلیتاریا لە حیزبێکی سەربەخۆی سیاسیدا، وە بیری بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتیان لەنێو کرێکاراندا چاندو و وەبەریان هێنا. بەڵێ کۆمۆنیزم مێژوویەکی هەیە، وە ئەم مێژووە گەلێک جار لە ئارادابوونی کۆمۆنیزمی وەک ڕەوتێکی سەر بە پرۆلیتاریا سەڵماندووە. ئەمڕۆ ئیتر دروشمی "بەڕابەری، برایەتی، حکوومەتی کرێکاری" بە قەدەر دروشمی "ئێتیحادییە هێزی ئێمەیە" خاوەنی خەسڵەتێکی "خۆڕسک" لەنێو کرێکاراندایە. سەڵماندنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک ڕەوتێکی زیندوو لە بزووتنەوەی چینایەتی پرۆلیتاریادا هەنگاوی یەکەمە بۆ پێناسەکردنی



حیزبی کۆمۆنیست بە شێوەیەکی زیندوو و ئوسوڵی لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا.

بەڵام کۆمۆنیزم لە باقی ڕەوتەکانی نێو بزووتنەوەی چینی کرێکار جیاوازە و ڕێک بەپێی ئەم جیاوازییە پێناسە دەکرێ و مەوجوودییەتی سەربەخۆ بە خۆی دەبەخشێ. مانیفێستی کۆمۆنیست هەر لە سەرەتاوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم جیاوازییەی خستۆتە ڕوو. جیاوازی تیۆری کۆمۆنیزم وەکوو کۆمۆنیستەکان لەگەڵ باقی ڕەوتەکانی تر، بە تایبەت ئەمڕۆ کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستمان بەدەستەوەیە پێویستی بە لەسەر ڕۆیشتن نییە. کۆمۆنیستەکان ئەو بەشە لە پرۆلیتاریان کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی پرۆلیتاریا دەکەن لە دژی خاوەنداریێتی تایبەتی بۆرژوایی بە گشتی و سەرتاپای نیزامی سەرمایەداری لە هەموو لایەنەکانیدا. ئەمە تەوەری هەموو بیروباوەڕی کۆمۆنیستییە. بەڵام جیاوازی کۆمۆنیستەکان و باقی ڕەوتەکانی تر تەنیا لە بیر و باوەڕ و ئامانجیاندا نییە، کۆمۆنیزم لەگەڵ ئانارشیزم، سەندیکالیزم، ئێتیحادییەگەری، پۆپۆلیزم، لیبرالیزم، ڕیفۆرمیزم، پارلەمانتاریزم و ئەو جۆرە شتانە بە **کردەوەش** جیاوازی هەیە. ئەم جیاوازییە **لە کردەوەدا**، یانی شێوە و ڕەوشتی خەباتی کۆمۆنیستی بۆ گەیشتن بە ئامانجە کۆمۆنیستییەکانیش خۆی پێکهاتەیەکە لە پێناسەکردنی سیما و مەوجوودییەتی سەربەخۆماندا. کۆمۆنیزم مەیلێکە لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا کە بە ئامانج و شێوە سەربەخۆکانی لە باقی ڕەوتە سیاسی– چینایەتییەکان جیا دەکرێتەوە.

حیزبی کۆمۆنیست ڕێکخراوی حیزبی ئەم ڕەوتە موشەخەس و جیاوازەیە. کۆمۆنیزم ڕەوتێکی هەمەگی و گشتییە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیست دیاردە و دەستەواژەیەکی دیاریکراوە. حیزب ئەو ڕێکخراوە سیاسییەیە کە ئامانج و شێوە کۆمۆنیستییەکان بە شێوەیەکی **بەردەوام و پتەو** بەدەستەوە دەگرێ و ڕەواجیان پێ دەدا. حیزبی کۆمۆنیست، کۆمۆنیزمی ڕێک – خراوە. وە بەم بۆنەیەوە هەر

ڕێکخراوێک کە یەکەم: ئەم ئامانج و شێوە و ڕەوشتانە بناسێ وە بە ئامانج و ڕەوشتی خۆیان دابنێ، خۆی لە بەرانبەریان بە دەربەست بزانێ، خەباتی خۆی لە پێناویاندا ڕێک بخا و بەرەو پێشی بەرێ، وە دووەم: لە کردەوەدا بە ڕادەی پێویست توانایی و پتەوی هەبێ، بۆ ئەوەی **قایم و پتەو لەسەر خەباتەکەی بەردەوام بێت و درێژەی پێ بدا**، حیزبێکی کۆمۆنیستە. جا ئەو حیزبە چ گەورە بێ و چ بچووک، لاواز بێ یان بەهێز، لە ئۆپۆزیسیۆندا بێت یان دەوڵەت پێک بێنێ، ئەو حیزبە، حیزبی کۆمۆنیستە، چونکە **نوێنەری ڕێک– خراوی کۆمۆنیزم وەک ڕەوتێکی جیاواز و موشەخەس لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردایە.** ئەمە جەوهەری سەرەکی و هەمیشەیی هەموو حیزبێکی کۆمۆنیستە، کە هەر کات ئەم جەوهەرە نەمێنێ ئیتر ئەو حیزبە لە حیزبایەتی دەکەوێ و هەر کات ئەو جەوهەرە پێک بێ، حیزب ئیتر بە کردەوە پێک هاتووە. ئیکۆنۆمیزم و ڤۆلۆنتاریزم هیچیان ئەم جەوهەر و ناوەڕۆکەی حیزب لەبەرچاو ناگرن و بەم بۆنەیەوە ناتوانن وێنەیەک لە پێداویستییە ڕاستەقینە و بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست بەرچاو بخەن. ئێمە دەبێ لێرەوە دەست پێ بکەین و ڕێک بە شوێن وەدیهێنانی **ئەم** پێداویستییانەوە بین. ڕادەی بەرینایی حیزب بە خەباتی ئێمە دیاری دەکرێ.

**3) حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەمڕۆ لە گرەوی چی دایە؟**

ئایا ئێمە دەتوانین هەر ئێستا و دەسبەجێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێک بێنین؟ هێشتا نا! چونکە ڕێکخراوی یەکانەی ئێمە بەو چۆنایەتی و تایبەتییانەوە کە ئێستا ئێمە هەمانە هێشتا ناتوانێ نوێنەری ڕێکخراوی کۆمۆنیزم لە هەموو لایەنەکانیدا، نوێنەری پرۆلیتاریای سۆسیالیست لە هەموو لایەنەکانی خەباتیدا بێ. لە ماوەی چوار ساڵی ڕابوردوودا، لە جەرگەی شۆڕشێکدا کە هەر ڕۆژی بە قەدەر بیست ساڵی ئامۆژگاری چینی کرێکار و پێشڕەوەکانی دەکا، بزووتنەوەی ئێمە توانیویەتی ببێتە نوێنەری تیۆری و بەرنامەیی



کۆمۆنیزمی ئێران. ڕەوتی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست ئەمڕۆ بە تەواوی نوێنەرایەتی بەرژەوەند و ئامانجە سەربەخۆ پرۆلیتارییەکان دەکا، وە ڕاوەستاوی و پتەوی خۆی لەم مەیدانەدا سەلماندووە. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بەرهەم و لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەم ڕاوەستاوی و پتەوییەیە و خۆ بە دەربەستزانین بەرانبەر بە کۆمۆنیزمە. چوار ساڵ لەمەوبەر هەلومەرجەکە بە جۆرێکی دیکە بوو. شۆڕشگێڕییەتی ناپرۆلیتاری لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا بە نێوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە بڵاو دەکرایەوە. مارکسیزم ڕەخنەی هەمە لایەنە و سەراسەری و کامڵی پرۆلیتاریا بەرانبەر بە سەر تا پێی کۆمەڵی سەرمایەدارییە، بەڵام چوار ساڵ لەوە پێش شۆڕشگێڕییەتی بەشێکی بەرین لەوانەی وا خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی، لە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی بەرتەسک و بەرچاوتەنگانە بەرانبەر بەو شتانەی کە دەسکردی سەرمایەن و لە سەرمایەدارییەوە سەرچاوەیان گرتووە، نەدەچووە دەر و لەوە بەو لاوەتر نەدەچوو. مەسەلە میللی_ دیموکراتیکەکان بنچینە و چوارچێوەی فکری بەشی هەرە زۆری کۆمۆنیستەکانی ئێران بوون. "دژی ئیمپریالیزم" ئەویش بەپێی ڕوانینی بەرچاوتەسکانەی وردەبۆرژوایی، چوارچێوەی گشتی ئەو شۆڕشگێڕییەتییە بوو کە بە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لە قەڵەم دەدرا. بەڵام ئەمڕۆ بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، هەمە لایەنەبوونێکی کۆمۆنیستی بە بزووتنەوەکەمان بەخشیوەتەوە. بەرنامە ڕایگەیاندووە کە ئێمە لە سەر تا پێی سەرمایەداری، لە هەموو ئەندام و پەل و پۆیەکی، لە هەموو لایەنە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ناڕازین، وە لە پێناو دامەزراندنی سۆسیالیزم لە جێگای ئەم نیزامەدا خەبات دەکەین وە ئەمە ئامانجی ئینتەرناسیۆنالیستیمانە. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بە ڕوونی ئێمە وەک کۆمۆنیست دەناسێنێ، نەک هەر تەنیا وەک دیموکراتی شێلگیر. ئەم ڕەخنە هەمە لایەنەیە و ئەم بەرنامەیە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی هەمە لایەنە لە نیزامی

کۆمەڵایەتیدا، بەو مانایەیە کە بزووتنەوەی ئێمە ئێستا ئیتر نوێنەرایەتی ئامانج و بەرژەوەندی هەموو پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ئێران دەکا. بزووتنەوەی ئێمە ئێستا لە بیر و باوەڕ و بەرنامەکەیدا بزووتنەوەیەکی بە ڕاستی کۆمۆنیستییە بەڵام ئەم جیاوازییە تیۆری و بەرنامەیییە بەس نییە. چونکە کۆمۆنیزم تەنیا بۆچوون و بەرنامە نییە. شێوە و ڕەوشتی تایبەتی خەبات لە پێناوی ئەم بەرنامەیەشدا بەشێک لە پێناسی کۆمۆنیستەکانە. بە شێوە و ڕەوشتی چینەکانی تر ناکرێ بە ئامانجی کۆمۆنیستی بگەی. وە ئەمە خاڵی لاوازی ئەمڕۆی ئێمەیە، چونکە ئێمە هێشتا وەک کەسانی ڕێکخراو، لە شێوە عەمەلییەکانی خەباتدا، لە کاری تەشکیلات و ڕێکخستندا، هێشتا نوێنەری سەربەخۆیی کۆمۆنیزم نین، نوێنەری ئەو ڕەوتە موشەخەس و جیاوازە لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا نین و بەم بۆنەیەوە ڕێکخراوی ئێمە هێشتا ناتوانێ زامنی ئیدامەکاری و بەردەوامبوونی خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی پرۆلیتاریادا **بە شێوەی تایبەت و سەربەخۆی پرۆلیتاریا** بێت. هێشتا ناتوانێ حیزبێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە بێ. حیزبێک کە ئێمە ئەمڕۆ هەر بەم چۆنایەتییەی ئێستامانەوە پێکی بێنین، حیزبێک دەبێ بە بیروباوەڕ و بەرنامەی پرۆلیتارییەوە، بەڵام لەژێر کاریگەریی شێوە و کارکردی وردەبۆرژواییدا. ئێمە دەبێ بۆ پێکهێنانی حیزب لەم لایەنەشدا لە وردەبۆرژوازی جیا بینەوە. ئێمە دەبێ شێوە عەمەلییەکانی خۆشمان بکەین بە شێوەی کۆمۆنیستی. تەنیا بەم جۆرە دەکارین کە حیزبێکی بە ڕاستی کۆمۆنیست پێک بێنین، ڕەخنەی کۆمۆنیستی بەرانبەر بە شێوەکاری وردەبۆرژوایی وە (هێنانەگۆڕی) ئاڵتێرناتیڤی کۆمۆنیستی لە ڕەوشتە عەمەلییەکاندا، دەبێ لە بزووتنەوکەماندا جێگیر بکرێ. ئەمە ئەو دوایین هەنگاوەیە کە هێشتا هەڵمان نەهیناوەتەوە.

سەربەخۆیی تیۆری و عەمەلی کۆمۆنیستەکان هەمیشە پێشمەرجی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستە. جێ و شوێنی تایبەتی ئێمە گرنگییەکی مێژوویی بەم مەسەلەیە بەخشیوە. ئێمە لە هەلومەرجێکدا نین کە بۆ



نموونە وەک ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی کە وەڵامی بانگەوازی ئینتەرناسیۆنالی سێهەمدا لە وڵاتانی جۆراوجۆر پێکهاتن، هەموو جۆرە لادانێک ڕەتکەینەوە و ئەو یاسا کۆمۆنیستییانە "قبووڵ بکەین" کە ئینتەرناسیۆنالێکی پرۆلیتاری جێگیری کردبن و حازر و ئامادە لەبەر دەستدابن. پاش پچرانێکی دەیان ساڵە لە تیۆری و بەرنامە و پراتیکی کۆمۆنیستی، پاش دەیان ساڵ دەسەڵاتدارەتی ڕیڤیژینیزم بەسەر بیر و کردەوەی بزووتنەوکەماندا، خۆی دەبێ ئەم سەربەخۆییە **دیسانەوە و سەرلەنوێ** دابین بکەین و تەنانەت خۆمان سیللولی هەڵسووڕا و و کارامەی پێکهینانی ئینتەرناسیۆنالێکی پرۆلیتاری بین کە بتوانێ پاڵپشتی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست لە باقی وڵاتان بێت. کەوایە ئێمە دەبێ جاریکی تر هەر بەو هێز و توانایە و هەر بەو قایمی و پتەوییە، ڕیزی خۆمان لە بیروڕا و حیزبە ناپرۆلیتارییەکان جیا کەینەوە کە بۆ یەکەم جار مارکس و ئەنگڵس بەهۆی مانیفێستی کۆمۆنیستەوە لە بەرانبەر سۆسیالیزمی ناپرۆلیتاریدا کردیان. وەلێ سەڵماندن و دووپاتکردنەوەی حوکمەکانی مارکس و ئەنگڵس و لێنین بۆ ئێمە بەس نییە، چونکە ئێمە ئەمڕۆ نەک تەنیا بەرانبەر بە کاپیتالیزم ڕاوەستاوین بەڵکوو لە بەرانبەر ڕیڤیژینیزمێکداین کە ئەویش فریوکارانە خۆی وە پەنا مارکس و ئەنگڵس و لێنین دەدا. مانیفێستی سەربەخۆیی چینایەتیمان ئەمڕۆ دەبێ لە هەمان کاتدا مانیفێستێکی دژی ڕیڤیژینیستی بێ و ئەمە ئەرکی ئەوەمان دەخاتە سەرشان کە بە شێوەیەکی هەرچی ڕاشکاوانەتر و ڕوونتر ڕیزەکانی خۆمان لەو بیروڕا و ڕەوشتە لادەرانەیەی کە ئەمڕۆ بە نێوی بیروڕا و ڕەوشتی کۆمۆنیستی بووەتە باو، جیاکەینەوە. ئەگەر ئێمە تەنیا لەسەر بنەمای جیاوازی بەرنامەییمان دەست بدەینە پێکهێنانی حیزب، بەڵام لە ڕەوشتە عەمەلییەکاندا هەر مل بەو شتە بدەین کە ڕەواجی هەیە، مل بەو شتە بدەین کە هی چینەکانی ترە، ئەو دەمە حیزبێکمان پێک هیناوە کە نەک تەنیا ئەرک و ڕاسپاردەی مێژوویی خۆی لە پێناو

زیندووکردنەوەی بۆلشەڤیزمدا جێبەجێ ناکا، بەڵکە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە کارکردی سیاسی_ تەشکیلاتی خۆیدا دەچێتە سەر شێوەی ڕەوتە ڕیڤیژینیستییەکان و لێیان جیا ناکرێتەوە.

### 4) جێگیرکردنی ئاکارە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکان لەمڕۆدا، چ مانایەکی بۆ ئێمە هەیە؟

حیزب دەبێ ئۆرگانی خەباتی بەردەوام و بێوچان بە شێوەی کۆمۆنیستی لە پێناو ئامانجی کۆمۆنیستیدا بێت. ئەم ڕەوشتانە دەبێ لە هەڵسووڕانی حیزبدا ڕەچاو بکرێن. بەڵام ئەمە چلۆن دابین دەکرێ؟ ئایا ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین کە یەکە یەکەی ڕێکخراو و گروپ و کۆڕەکانی لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، یەکەم: ڕەخنەی پرۆلیتاری بەرانبەر بە ڕەوشت و شێوەکاری پۆپۆلیستی قەبووڵ بکەن و دووەم: هەرکامیان پراتیکێکی بەرین بەپێی ڕەوشتی تازە دەست پێ بکەن و بە ئەنجامی بگەیەنن، جا ئەو جار دەست بدەینە پێکهێنانی حیزب؟ ئایا مەبەست لە جێگیرکردنی ئاکارە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکان ئەوەیە کە ئەو ئاکارانە لەنێو هەموو ڕێکخراو و گروپەکاندا و لە هەموو ئاستێکی کاری عەمەلیدا جێگیر بن؟ ئایا ئەگەر وا نەبێت، حیزب پێک نایێ؟ وەڵامەکە نەخێرە! ئێمە تەنانەت بۆ جێگیرکردنی ڕەوشتە پرۆلیتارییەکان لە ئاستێکی بەرین لەنێو بزووتنەوەدا، پێویستیمان بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەیە. حیزب خۆی پێویستە بۆ ڕاستکردنەوە و چاکردنەوەی پراتیکمان لە ئاستێکی بەریندا. کەوایە کاتێک ئێمە باسی "جێگیربوون"ی ئەم ڕەوشتە سەربەخۆیانە دەکەین، مەسەلەیەکی ترمان لەبەرچاوە. هەروەک وتمان، ئەوەیە حیزبێک دەکاتە حیزب و وەک حیزب ڕای دەگرێ و دەیپارێزێ پان و بەرینی ئۆرگانەکانی، ڕادەی نفووزی، ژمارەی ئەندامانی و شتی تری لەم چەشنە نییە. مانەوەی حیزب ڕەنگدانەوەی بوونی ئامانج، بەرنامە و نەریت و شێوەی عەمەلی پایەدارە لەنێو حیزبدا. تا ئەو کاتەی کە ئەم ئامانج و ڕەوشتانە



زیندوون و بەڕێوە دەچن، حیزب هەیە، وە هەر کات ئەو ئامانج و ڕەوشتانە لەناوچوون حیزب لەبەریەک دەچێ. وەلێ ئەم ئامانج و ڕەوشتانە چلۆن دەپارێزرێن؟ بەرنامە و پەسندکراوە فەرمییەکانی ڕێکخراو و حیزبە کۆمۆنیستەکان ڕەنگدانەوەی بەردەوامبوونی ئەم ئامانج و یاسایانەن. هەر کەس بە حیزبەوە پەیوەست دەبێ، بە درک پێکردن و قەبووڵکردنی ئەم پەسندکراوانە دەبێتە تاکێکی حیزبی وە سیلۆلێکی تازە هەر لە خزمەت ئەو ئامانج و ڕەوشتانەدا دروست دەکا. حیزب لەم ڕێگایەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدا و پەرەدەستێنی. بەڵام ئەگەر لە بابەت مەسەلە تیۆری و بەرنامەییەکانەوە، بەڵگە پەسندکراوەکان دەورێکی یەکجار گرنگیان لە مانەوە و پتەوبوونی حیزبدا هەیە، لە زەمینەی ڕەوشتە عەمەلییەکان و یاسا جێگیربووەکانی کاری حیزبیدا، پرانسیپ و پەیوەندییە جێگیربووەکانی ناوخۆی حیزب و پراتیکی عەمەلی حیزب کە ئەم یاسا و ڕەوشتانە دەکەن بە نەریتی چەسپاو، دەورێکی دیاریکەر دەگێڕن. بوونی کادری حیزبیش کە بەسەر شێوەکاری کۆمۆنیستیدا سوار بن، وە هەڵگر و پارێزەری زیندووی نەریتی شۆڕشگێڕانەی کاری کۆمۆنیستی بن، هەر بە هەمان ڕادە گرنگە. بەڵام ئێمە لە هەلومەرجێکدا دەست دەدەینە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست کە کەلەبەرێکی دەیان ساڵەی ئێمە لە نەریت و کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی کاری عەمەلی بە شێوەی کۆمۆنیستی جیا دەکاتەوە. ئەوەی ئێستا وەک میرات لەبەر دەستدایە، ڕەوشتی ڕیڤیژینیستییە و ئێمە نەک هەر نەکەوتووینەتە سەرباری پرانسیپە کۆمۆنیستییەکان، نەک تەنیا لە پراتیکی حیزبیدا بەردەوام فێری ئەم ڕەوشتانە نابین، بەڵکوو دەبێ بە ڕەخنەگرتن لەو پەیوەندی و شێوەکارەی کە ئێستا هەیە، پەیوەندی و یاسا کۆمۆنیستییەکان زیندووکەینەوە. کەوایە لە جێگیرکردن و پاراستنی شێوە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکاندا لە سەرەتای پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستدا، دەبێ سەرنجی سەرەکی بدەینە هۆکاری زیندوو واتە، کادرە

کۆمۆنیستەکان. ئێمە دەبێ ئەو ئەڵقەیە بە دەستەوە بگرین، چونکە کادرەکان تاقە ئامرازی ڕاستەقینە بۆ جێگیرکردن و پتەوکردنی ئاکارە کۆمۆنیستییەکان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەبن. **جێگیرکردنی ڕەوشتە عەمەلییە کۆمۆنیستییەکانیش لە کاتی ئێستادا بۆ ئێمە مانایەکی نییە جگە لە جێگیرکردنیان لەنێو ئەو کادرە کۆمۆنیستانەدا کە ئەمڕۆ بربڕەپشتی حیزبی کۆمۆنیست پێک دێنن و زامنی بەردەوامبوونی هەڵسووڕان و پتەوبوونی حیزب لەسەر بنچینەی یاسا عەمەلییە بۆلشەڤیکییەکان بن،** سووربوون و پێداگرتنی حیزبی ئێمە لەسەر بیروڕا و ڕەوشتە کۆمۆنیستییەکان ئەمڕۆ ل ەهەنگاوی یەکەمدا تەنها بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو کادرانە دابین دەبێ کە پشت بەم بیروڕا و ڕەوشتانە ببەستن. بە قووڵی هەستیان بە گرنگی جیاوازی تیۆری و عەمەلی لە وردەبۆرژوازی کردبێ و تێی گەیشتبن. شۆڕشگێڕییەتی بەرتەسکی وردەبۆرژواییبیان وەلا نابێ و خەباتی هەمەلایەنە لە دژی سەرمایەداری و هەموو ڕواڵەت و دیمەنەکانی بە ئیشی هەمیشەیی خۆیان بزانن. لە هەڵسوڕانیاندا بەرژەوەند و مەسڵەحەتی بزووتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریایان لەبەرچاو بێت و هەموو ئامانجە میللی_ دیموکراتیکەکان لە ڕوانگەی ئەم بەرژەوەند و ئامانجە سەربەخۆ چینایەتییەوە چاو لێ بکەن. شۆڕشگێڕییەتی خۆیان نەک لە دیموکراسی و بزووتنەوەی دیموکراتیک، بەڵکوو لە سۆسیالیزم و دژایەتیکردن لەگەڵ سەرمایەداری هەڵێنجن، ناوەڕۆکی سیاسی_ چینایەتی وردەبۆرژوایی شێوەکاری پۆپۆلیستی درک پێ بکەن، بڕوایان بە شکستی مسۆگەری ئەم ڕەوشت و شێوەکارە هەبێ و بەم بۆنەیەوە لە هیچ هەلومەرجێکدا تەسلیمی ئەم شێوەکارە نەبن و سەری بۆ دانەوێنن ... وە بەم جۆرە قۆڵیان لە پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیست بە چۆنایەتییەکی نوێ، وە بە پراتیکێکی جیاواز لە پراتیکی تا ئێستای بزووتنەوەکەمان، هەڵماڵیبێ. کەوایە بە بڕوای ئێمە لەباری پراتیک و بەجێگەیاندنەوە، بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست دەبێ لە مەسەلەی



کادرەکانەوە دەست پێ بکرێ، نەک لە ڕێکخراوکان و نەک لە بەڵگە و پەسەندکراوەکانەوە. حیزبی کۆمۆنیست کۆکراوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن، نییە. حیزبی کۆمۆنیست کۆمەڵێک پەسەنکراوی تازە نییە. حیزبی کۆمۆنیست حیزبێکی تازەیە لە باری **چۆنایەتییەوە**، وە بەم بۆنەیەوە دەبێ لە یەکەم هەنگاودا بە پشتئەستووری ئەو کادرانە بنیات بنرێ کە سوورن لەسەر ئەوەی ئەم چۆنایەتییە تازەیە نەک هەر لە حیزبدا بەڵکوو هەر لە ئێستاوە لە پراتیکی ڕێکخراوەکەی خۆشیاندا پێک بێنن. ئێمە دەتوانین لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ژمارە کادرەی کە دەبێ بڕبڕەپشتی حیزب پێک بێنن، وە بەردەوامکاری ڕێکخراوێکی حیزبی لە یەکەم هەنگاوەکانی شکڵگرتن و گیرسان و پتەوبوونەوەیدا دابین و زامن بکەن، کۆ بکەینەوە. کەوابوو دەتوانین هەموو هێزەکانی لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست لە حیزبێکی بەهێزدا، یەک بخەین، بە بێ ئەوەی گیروگرفتە ڕێکخراوەیییەکانی ڕابوردوو، بەرچاوتەنگییە عەمەلی و تیۆرییەکانی ڕابوردوو و خاڵە لاوازەکانی ڕابوردووی خۆیان بەرنە نێو حیزب و بەسەریدا دایسەپێنین.

### 5) نەخشەکار و هەڵسووڕان بۆ گرتنی کۆنگرەی یەکەم دەبێ لەسەر چ بنچینەیەک دامەزرێ؟

تیزی سەرەکی قسە و باسەکەمان ئەوە بوو کە گرێی سەرەکی کاری حیزب ئەمڕۆ مەسەلەی جێگیرکردنی بنەما عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستییە و ئەم گرێیە بە دەستی کادری بە دەربەست، سوار بەسەر ئامانج و ئاکاری سەربەخۆی کۆمۆنیستیدا دەکرێتەوە. هەر ئەمە دەتوانێ بۆ ئێمە لە دیاریکردنی پرۆسەی عەمەلیگرتنی کونگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستدا خاڵی دەستپێک بێت. ئەم کادرانە دەبێ کۆ بکرێنەوە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هاوڕاییەی کە لەژێر ئاڵای بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا هەیە، لە دەرککردنی هەمەلایەنە و ڕەخنەی قووڵ بەرانبەر بە شێوەکاری پۆپۆلیستی و ئاڵتێرناتیڤی

کۆمۆنیستی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی عەمەلیشدا بەو هاوراییە بگەن. حیزب دەبێ بە پشتئەستووری ئەم کادرانە برپرەپشت و قەوارەی سەرەتایی خۆی دارێژێ و پاشان هەموو هێز و توانای ڕێکخراوەکان و کۆڕەکان و توخمەکانی لایەنگری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست لە دەوری ئەم قەوارە قایم و پتەوە ڕێک بخات. تەنیا لەم ڕێگایەوە تایبەتییەکان و کەموکوڕییەکانی ئێستای بزووتنەوەکەمان نابنە کۆسپ لەسەر ڕێگای پێکهاتنی حیزبێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە. بێگومان دارشتنی نەخشەکارێکی موشەخەس، کە بە وردی دیاری کرابێ، بۆ پێکهێنانی حیزب پێویستە. لەم نووسراوەیەدا ئێمە تەنیا مەسەلەکەمان بە شێوەیەکی گشتی باس لێ کرد و جەختمان لەسەر جێ و شوێنی گرنگ و دیاریکەری مەسەلەی شێوەکار و پەیوەندی نزیکی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مەسەلەی کادرەکان کرد و لە نووسراوەکانی دیکەدا بە درێژی باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم باسە دەکەین.

❊

سەرچاوە:

"بسوی سوسیالیسم"
ارگان تئوریک سیاسی اتحاد مبارزان کمونیست
شماره 5، اول بهمن 1361، صفحات 54- 63

تێبینی:

_ دەقی وەرگێڕاوی کوردی ئەم گوتارە لەسەر ڕووی "پێشڕەو" ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران_ کۆمەڵە/ ژمارە 17ی ئۆکتۆبەری 1985، تایپ کراوەتەوە.

_ سوپاسی زۆرمان بۆ هاوڕێ "ئامانج ئەمین" کە ئەم گۆڤارەی بۆ ئەم پرۆژەیە پەیدا کرد.

**سالار ڕەشید**